# هێز لە یەکێتی دایە

« برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لە لای خودا بێت ».



هەبوو نەبوو، کابرایەک هەبوو حەوت کوڕی هەبوو. ئەم کوڕانە لە بەر ئەوەی لە گەڵ یەک ناکۆک بوون و بە هیچ ڕەنگێک دانیان بەیەکەوە نەدەکولا، باوکیان بێزار کردبوو. باوکە هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا یەکیان بخات هیچ سوودی نەبوو..

ئەم باوکە بیری هێنا و بیری برد تا ڕێگایەکی دیتەوە. هێنای حەوت «دارتیری» بەست بەیەکەوە. پاشان هەر حەوت کوڕەکەی بانگ کرد و پێی گوتن: بزانم کامتان ئازایە و دەتوانێت ئەم دەستە شوولە بشکێنێت خەلاتێکی باشی دەدەمێ..

هەر حەوتیان یەک بە یەک تاقیان کردەوە، نەیانتوانی دەستە شووڵەکە لاریش بکەنەوە.

پاشان باوکەکە هات دەستە شووڵەکەی کردەوە و یەک یەک دایە دەستیان، هەموو بە هاسانی شکاندیان.

باوکە تەماشای کردن و گوتی:

- بزانن ئەگەر هەر حەوتتان بە یەکەوە بن و پشتی یەک بگرن وەک ئەو حەوت شووڵە وان، کەس پێتان ناوێرێت. بەڵام ئەگەر بەم جۆرەی ئێستا بە تاکە تاکە


Copyright © Kurdi.fi

بمێننەوە، با ئازاو بەهێزیش بن زۆر بە هاسانی دەشکێن و دوژمن لە ناوتان دەبات. ئیتر هەر ئەوەندەتان پێ دەڵێم کە ئەگەر برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لە لای خودا بێت.

کورەکان ئەم گوتنەی باوکیان زۆر بە دڵدا چوو. بەڵێنیان دایە پشتی یەک بگرن و ناکۆکی و دوو بەرەکی بخەنە لاوە.

---

*** ڕاڤە**

ناکۆک: پێک نەکردن، یەکنەبوون، ئاژاوە لە ناودا بوون.

کامتان: کی ژ وە.

بجووڵێنن: بلڤینن.

لە کۆتاییدا: دوماهیدا.

گوتن: قسە، ئاخافتن، وتن.

بەڵین: پەیمان.

شووڵ: شڤک.

سوود: کەڵک، قازانج.

---

*** پرسیار**

1. ئایا حەوت براکە لە گەڵ یەک ڕێک بوون یان ناکۆک؟

2. باوکیان تێ دەکۆشا چی بکات؟


Copyright © Kurdi.fi

3. کامیان شکاندنی ئاسانترە: شووڵێك بە تەنیا یان حەوت شووڵ بە یەکەوە؟

4. ئایا بۆ کۆمەلی ئێمە یارمەتی و هاوکاری و یەکێتی باشە یان خۆپەرستی و بەرەڵلایی؟

5. ئایا لە دواییدا کورەکان گوتنی باوکیان بە دڵدا چوو؟ چ بەڵێنێکیان بە باوکیان دا؟

---

❊ ووشەکانی خوارەوە وەکوو نموونەکە لێ بکە:

- کوڕ ← کوڕەکە ← کوڕەکان
- باووک ← ←
- شووڵ ← ←
- کۆمەڵ ← ←
- بووک ← ←


Copyright © Kurdi.fi

* وانەکە بخوێنەوە و ئەم بۆشایانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

برا لە پشت برا ............................................................ .

ئەگەر بە تاکەتاکە بمێننەوە با ............................ زۆر بە هاسانی ............................ و دوژمن ............................ .

کوڕەکان ............................ دایە پشتی یەک ............................ و ناکۆکی و ............................ بخەنە ............................ .

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

کابرایەک ............................................................

بێزار ............................................................

ئازا ............................................................

لار ............................................................

هاسانی ............................................................

بەهێز ............................................................

بەڵێن ............................................................

یەکگرتن ............................................................

دووبەرەکی ............................................................




Copyright © Kurdi.fi